حکومەت دەنگی وەرگرتنی باج ڕەتدەکاتەوە: هیچ پەیوەندییەک لە نێوان مامەڵە فەرمییەکان و پێدانی کرێی خزمەتگوزارییەکان نییە

نوسینگەی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمڕۆ پەنجشەممە سپاندنی سیستمی باج بەسەر هاوڵاتیاندا ڕەتکردەوە.

نوسینگەی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا، کەدەستی موتێع کوتووە، ڕایگەیاند: "ئەوەی لە هەندێک تەڵەی کەمەڵایەتیدا بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە سپاندنی سیستمی باج بەسەر هاوڵاتیاندا و کارنەکردنی هیچ مامەڵەیەک لە فەرمانگە حکومییەکاندا تەنها دوای دانوەی کرێی کارەبا و ئاو، هەواڵێکی نادروست و چەواشەکارانەیە."

ڕوونیشیکردەوە، کە "ئەنجومەنی وەزیران هیچ بڕیارێکی بە سپاندنی باج لەسەر هاوڵاتیان دەرنەکردووە، و بڕیارە ئاماژەپێکراوەکە، تایبەتە بە خاوەنکار و کارگە و لایەنە حکومییەکان، وەک جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی لە مادەی (18/ یەکەم، سێیەم)ی یاسای بودجەی گشتی هاتووە، کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەنگی لەسەر دراوە، و لە چوارچێوەی پاڵپشتی کەرتی پیشەسازی و چالاککردنی کەرتی تایبەتدا، و وەک دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی حکومەت بە جێبەجێکردنی یاسا کارپێکراوەکان و

جێبەجێکردنی بڕگەکانی بە دادپەروەری و شەفافیەتەوە."

ئاماژەی بەوەشدا کە "ئەوەی بەاوکراوەتەوە دەکەوێتە چوارچێوەی هەمەتەکانی ناوزاندن و چەواشەکاری ڕاگەیاندن کە ئامانجیان شێواندنی ڕاستییەکان و سەرلێشێواندنی ڕای گشتییە"، و دووپاتیشیکردەوە کە "حکومەت بەردەوام لە جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکانی خزمەتگوزاری و پەرەپێدان بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیاندا بێت."

نوسینگەی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران ، داوای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هاوڵاتیان کرد، کە "دووربکەونەوە لە شوێنکەوتنی دەنگە و زانیارییە نادەنیاکان